


# لووتێکی دیجیت

زۆر کەس وا بیردەکاتەوە هەر خواردنێکی خستەناو بەفرگرەوە ئیدی بۆ هەمیشە تێك ناچن، نازانن بەفرگر تەنیا بۆ هێشتنەوەی ماددەکانە نەك بۆ هەمیشەییان..زۆرجار هەیە بەفرگر دەکرێت بە کۆگای شتەکان و مادەی وایە چەند مانگ لە بەفرگردا دەمێنێتەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا بەفرگری هۆشمەند بەرهەم هاتووە کە زانیاری سەبارەت بە گشت مادەکانی ناوی بە بەکارهێنەر دەڵێت و کاتی بەسەرچوونیان ئاگاداری دەکاتەوە..

لەو ماوەیەدا کۆمپانیایەك ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە بە لووتی ئۆپتیکال (NeOse) ناسراوە. کاتێك ئەو لووتە دیجیتالییە لە مادەکان نزیك دەکەیەوە لە ماوەی ١٥ هەتا ٣٠ چرکە زانیاری سەبارەت بە





# دکتۆری دیجیتالی پێست

لە پیشانگای ساڵانەی cesدا سامسۆنگ ئامێرێکی خستەڕوو دەکرێ بڵێن وەك دکتۆرێکی شیکاری پێست سەیر بکرێ. نەك تەنیا کێشەکانی تایبەت بە پێست دەدۆزێتەوە بەڵکو چارەسەریشیان دەکات، چارەسەر لە ڕێگای تیشکی تایبەت و دەرزی ئاژنی زۆر وردەوە. ئامێرە دکتۆرەکەی پێست بە (Samsung S-skin) ناسراوە.

ئامێرەکە لەلایەن بەشی c Labی کۆمپانیای سامسۆنگ بەرهەم هاتووە، ئەو بەشە هەوڵێکی کارمەندانی کۆمپانیای ناوبراوە بۆ خۆ تاقیکردنەوە لەزۆر بواری دیکەی تەکنەلۆژیادا..

کارکردنی ئامێرەکە بەم شێوەیە، لە سەرەتادا پێستی بەکارهێنەر لەلایەن کامێرا و هەستەوەری تیشکی هەستەوەری گەیاندن شیدەکرێتەوە، لەسەرەتادا تیشك دەخاتە سەر ڕوخساری بەکارهێنەر و پاشان ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی لەلایەن هەستەوەرەکان هەڵدەسەنگێنێرێ. دوو هەستەوەری دیکەش ڕێژەی شێ لێکدەدەنەوە. دوای ئەوە بە دەرزی زۆر وردی تایبەت چارەسەر دەکرێ.

# کاتژمێری سمارت تەنک وەک پەڕی کاغەز



لەم سەردەمەدا کاتژمێری دەست زیاتر وەك کاڵایەکی تایبەت بە جوانی و رازاندنەوە سوودی لێوەردەگیردێت، مەبەست لەوەیە مۆبایلەکان شوێنی کاتژمێریان گرتۆتەوە و کات بە دەنگ و بە نیشاندان بە بەکارهێنەرەکەی رادەگەیەنن. بازاڕی کاتژمێر دوای بەرهەمهێنانی مۆبایل بەرەو کزی رۆیشت، بۆیە هەوڵدرا کاتژمێری سمارت واتە هۆشمەند بەرهەم بهێندرێ، کاتژمێرێك کە چەندین ئەرك ئەنجام بدات و زیاتریش تایبەتن بە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی، وەك نیشاندانی مەودای رۆیشتن، لێدانی دڵ، سووتاندنی وزەی و چەوری....تاد. هەر رۆژە جۆرێك لە کاتژمێری ژیرۆك بەرهەم دێت..

کۆمپانیای سۆنی بەم دواییە جۆرێك لە کاتژمێری بەرهەم هێناوە کە بە (sony E lnk watch) ناسراوە، کاتژمێرێك کە ئەوەندە تەنکە کە بەکارهێنەر لەسەر دەستی هەستی پێناکات. چەندین رەنگی جۆراوجۆریشی هەیە. کاتژمێرە سمارتەکە وزەیەکی ئەوتۆی پێویست نییە بۆ کارکردن، چەندین رەنگ و ستایلی جیاوازی هەیە.



## ـــالی بۆ زۆر مەبەست

ماوەی بەسەرچوونی مادەکە رادەگەیەنێ تەنانەت ناوی مادەکەش دەڵێت. ئامێرەکە بۆ سوپەرمارکێتەکان گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەو شوێنانەی کە دەرمان و کەلوپەلی ئارایش دەفرۆشن گرنگە، نە تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەڵکو بۆ زانینی رێژەی هەوای پیسی ژینگەش گرنگی خۆی هەیە و هۆکاری پیسی هەواکەش دەزاندرێت..





# کاتژمێرەکان




هیچ ئامێرێك بەقەد مۆبایل کاتژمێری دەستی نەخستە پەراوێزەوە.. ئێستا لە هەر کەسێك بپرسی کاتژمێر چەندە، خێرا چاوێك لە مۆبایلەکەی دەکات و بەهۆی مۆبایلەوە کاتەکەت پێ دەڵێت... دواتر بەرهەمهێنانی کاتژمێر و کۆمپانیاکانی مۆبایل هەوڵیاندا ماڵی کاتژمێر و موبایل بە جۆرێکی دیکە دارِژێننەوە و مەودایەك بخەنە نێوانیان.. بۆیە هەوڵیاندا کاتژمێری سمارت بەرهەم بێنن کە هەندێك ئەرکی مۆبایلیش ئەنجام بدات.. بەڵام کاتژمێرە سمارتەکانیش کێشەیەکیان هەبوو بۆ هەر کارێك پشتیان بە مۆبایل دەبەست، بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ پرۆگرامێك دابەزێنینە سەر کاتژمێری سمارت دەبێ لەسەرەتادا لەسەر مۆبایل دایبەزێنی پاشان بیگوازیەوە.. لەم ماوەیەدا سیستەمێکی ئەندرۆید بەناوی (Android Wear ٢,٠) بەرهەم هات کە بەتەواوی ماڵی مۆبایل و کاتژمێری جیاکردەوە.. ئێستا هەرکامیان سەربەخۆن..

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی



جیهانی دیجیتالی گۆڕانکاری گەورەی بەسەر دنیای خوێندنەوەدا هێنا، هەرچەندە خوێندنەوەی کتێب لەسەر کاغەز چێژێکی دیکەی هەیە و هێشتا زۆرمان ڕانەهاتووین کە کتێب لەسەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل بخوێنینەوە، بەڵام بمانهەوێ ونەمانەوێ جیهانی داهاتوو جیهانی خوێندنەوەی کتێبە بە شێوەی ئۆنلاین و دیجیتالی..

پرۆگرام گەلێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، پرۆگرامی Alfa eBooks Manager یەکێکە لەو پرۆگرامانەی تایبەت بەو مەبەستە، پرۆگرامی ناوبراو کتێبخانەی دیجیتالی بە باشی ڕێك دەخا. پرۆگرامەکە کتێبەکان بەشێوەی کتێبی ئاسایی لێدەکات، دەتوانی لاپەڕە هەڵبدەیەوە. ریزبەندی کتێبەکان بکەی، نیشاندانی وێنە و زانیاری سەرەتایی لەسەر کتێبەکە. توانای وەرگرتنی زانیاری لە سایت و بانکەکانی زانیاری. توانای سکان کردنی کتێبەکان. نیشاندانی کتێبەکان بە شێوەی سێ دەوری.. توانای گوێدان بە کتێبە دەنگییەکان، چەندین توانای دیکەش لەم پرگرامەدا گونجاون...

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت.. لە ئایپادەکەمدا چەندین پاسۆرد و ئەکاونت سەیڤ کراون، بەڵام نازانم لە جێگایەکدا بیانسڕمەوە یان بیاندۆزمەوە.. دەکرێ ڕێنوێنیم بکەن؟**

خوێنەری بەڕێز لە سیستەمی IOS جا چ ئایپاد بێت یان ئایفۆن.. لە بەشی ڕێکخستنەکەیدا واتە sitting دا شوێنێك هەیە بەناوی safari کە ئایکۆنەکەی لە شێوەی (ئاراستە نوێن- قیبلە نما ) دەچێت.. کاتێك دایدەگری، لاپەڕەیەك دەبێتەوە داوای پاسۆرد دەکا، پاسۆردەکەی خۆتی لێبدە.. ئەگەر داتنەنابوو ئەوە خۆی دەکرێتەوە لەودا دەبینی گشت پاسۆرد و ئەکاونتەکان نووسراون.. دەکرێ دەستکاریان بکەی یان بیان سڕیەوە.. یان پاسۆردی دیکە دابنێی...



## فرۆکەیەک لە پەنجەدا جێگای دەبێتەوە

فرۆکـە بـێ فرۆکەوانـەکان واتـە (پەهبەهاد) گرنگییەکی زۆریان هەیە، هەم بۆ لایەنی سـوود گەیاندن و هەم لایەنی زیان.. هەر ئەوەی کە لە هەواڵەکان دەبیسـین کە رێکخراوی تیرۆریسـتی داعشیش لەم فرۆکە بێ فرۆکەوانانە بۆ زیان گەیاندن کەڵك وەردەگرن..

خـودی فرۆکـە بـێ فرۆکەوانـەکان بۆ کاری فیلـم هەڵگرتنەوە و بەرهـەم هێنانی فیلمـە.. قـەوارە و سـایزی فرۆکەکـە جیـاوازن، نوێتریـن و بچووکترینیـان فرۆکەی بێ فروکەوانـی MOLA-UFOیـە. فرۆکەکـە لە پەنجەکانی دەسـتدا جێـگای دەبێتەوە، بەڵام کارایـی و خزمەتگوزارییەکانـی بەقـەد پەهبەهادێکـی قەبارە مەزن دەچێت.. سیتسـەمێکی وێنەگرتنێکی پێشکەتووی هەیە، تەنانەت کاتی جوڵە و بای بەهێزیش ئەو وێنە و فیلمانەی دەیانگرێ کوالیتیان تێکناچێت.

یەکێك لـە گرنگتریـن تایبەتمەندییەکانی باڵندە دەسـتکردەکە ئەمەیـە کە دەتوانێت لەگـەڵ بابەتێکـی جوڵـەدار ببەسـتیەوە، بـۆ نموونە کەسـێك بە رێـگادا دەڕوات دەتوانێـت بـە وردی چاودێـری بـکات و هەمیشـە لەگەڵـی بێـت و وێنەی بگرێت.. هەر تەنێك بجوڵێتەوە و بە رێگادا بڕوات فرۆکە بچووکە لەگەڵـی دەبێـت.. کامێراکـەی کوالیتـی k٤ه واتـە سەرووی ئیچ دی..

## دەبنە مۆبایل

کۆمپانیـای LG دوو کاتژمێـری بـەو سیسـتەمە خسـتە بـازاڕەوە کە بـە (LG Watch Sport) و (LG Watch Style) ناسراون.. تایبەتمەندییەکانیان ئەمانەن:

- شاشەی جۆری P-OLED و هەستیار بە رووناکی..
- چوارچێوەکەی لە پۆڵای دژە ژەنگ دروستکراوە.
- رامەکـەی ٧٦٨ میگابایتـە.. میمـۆری ناوخـۆی ٤ گیگابایتە.
- سیستەمی وای-فای و بلوتوسی هەیە..
- راستەوخۆ لە سیستەمی GPS سوود وەردەگرێ..

جـۆری دووەمـی کاتژمێرەکە واتـە (LG Watch Style) زۆربـەی تایبەتمەنـدی جـۆری یەکەمـی هەیە بـە هەندێك جیاوازییـەوە، وەك ئەوەی شاشـەکەی بچووکتـرە، رامەکەی کەمترە.. سیستەمی لێدانی دڵیشی لەسەر نییە...





## وێنەکەت بکە بە بەرگی گۆڤارە ناسراوەکان جیهان

حـەز دەکـەی وێنەکەت ببێت بە بەرگی یەکێك لە گۆڤارە بەناوبانگەکانـی جیهـان، وەك گۆڤـاری Time، Playboy، People و Fortune ... بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی www.fotojet.com بدە... لەم سایتەدا بەبێ گرفت دەتوانی وێنەی خۆت بکەی بە بەرگی یەکێك لەم گۆڤارانە... دوای ئەوەی کە ئەو وێنەی مەبەسـتە لە دیزانێکی لە پێشـدا ئامادە کراو دادەنێی.. وێنەکەت دەبێتە بە بەرگی گۆڤار و دەتوانی بە فۆرماتی JPG یا PNG دایبەزێنی یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە..